تیۆری ژۆرندایک

وانەی داهاتوو

تیـــۆری ثورندایك

وانەی پێنجەم/

تیۆری(هەوڵدان و هەڵەکردن) ثورندایك (1904 - 1990)

تیۆری ثورندایك (هەوڵدان و هەڵەکردن) (١٨٧٤ـ١٩٤٩)

ثورندایك بەڕابەری سایکۆلۆژیای پەروەردەیی دادەنرێت و یەکەم کەسە کە زاراوەی (دەروونزانی پەروەردەیی) بەکارهێنا, ثورندایك بەیەکێك لەو زانایانە دادەنرێت کە گرنگیان بە کاری پەروەردەیی داوە, هەروەها یەکێکە لەو کەسانەی کە بەشداربوون لە پەرەسەندنی کایەی دەروونزانی پەروەردەیی لەرێگای ئەو دیدو بەرهەمانەی لەوبارەوە پێشکەشی کردوون.

* ثورندایك هەڵوێستێکی جیاوازی لە ڕاڤەکردنی پرۆسەی فێربوون و دروستکردنی پەیوەندی نێوان وروژێنەرەکان و کاردانەوەکان گرتەبەر, ئەو جەخت دەکاتە سەر گرنگی فێربوون لە رێگای هەوڵدان و هەڵەکردنەوە.

تاقیکردنەوەکەی ثورندایك

ثورندایك سندوقێکی تایبەتی دروستکرد کەدەتوانرێت دەرگاکەی لەچەند لایەك لەلایەن پشیلەکە بکرێتەوە , جا بەزەنگ لێدان یان حەبلێك دەگرێت یان زەخت لەسەر چوارچێوەیەکی تایبەت بەمە دەکات , ئەو پشیلەیەکی برسی هێنا و لەنێو سندوقەکەی دانا و دەرگای لەسەر داخست پاشان جۆرێك لەخواردن کەپشیلەکە حەزی پێیەتی و لەدەرەوەی سندوقەکەی دانا , بەشێوەیەك کەپشیلەکە درك بەخواردنەکە بکات و بەئاسانی بیبینێت , ثورندایك وایدادەنا کەچوارچێوەی ناوەکی سندوقەکە ئەوانە وروژێنەرێك بۆ پشیلەکە دادەنێن کە لەسەریەتی رووبەرووی ببێتەوە ئەویش بەئەنجامدانی چەند وەڵامدانەوەیەکی رەفتاری ,

بەشێوەیەك كە لەكۆتایی لەرێگەی یەكێك لەمانە دەرگاكە دەكاتەوە و خواردنەكە دەخوات.ئەمەش بەرێكەوت بوو لەمیانەی هەوڵ دان و هەڵەكردن بوو. دوای (3) كاتژمێر دووبارە ئاژەڵەكە خراوە نێو سندوقی وروژێنەر , دووبارە دەستیكرد بەوەڵامدانەوە بەم شێوەیە رووندەبێتەوە كە ئەو ماوەیەی كەهەوڵەكانی تێدا دووبارە دەبێتەوە بۆ گەیشتن بەوەڵام بە شێوەی پلەپلەیی بەرەو كەمی دەڕوات. ثورندایك ئەوەی دۆزیەوە كە(25) هەوڵ بەسە بۆ فێربوونی ئاژەڵان.



چەمك و پرەنسیپەكانی تیۆرەكەی ثورندایك

یەكەم/ یاسای ڕاهێنان:

ئەم یاسایە دوو ڕواڵەتی هەیە كە بریتین لە:

1- **یاسای بەكارهێنان:** پەیوەندی وابەستەیی دەماری (الارتباطات العصبية) بەكارهێنان و پراكتیكەوە پتەو و بەهێز دەكا.

2- **یاسای فەرامۆشكردن:** بەهۆی بەكارنەهێنان و پراكتیزە نەكردنەوە پەیوەندی وابەستەیی دەماری (الارتباطات العصبية) سست و لاواز دەبێ

چەمك و پرەنسیپەكانی تیۆرەكەی ثورندایك

- **دووەم/ یاسای كاریگەری:**

- **یاسای كاریگەری ئاماژە بەوە دەكات كە پەیوەندی نێوان ورووژێنەر و وەلامدانەوە بەهێز دەبێت ، ئەگەر هات و ئەم پەیوەندیە حالەتێكی دلخۆشی و رازیبوونی لە دوا داهات ، واتە هێزی پەیوەندی پەیوەستە بە دەرئە نجامی كارەكان وە ئەو حالەتەی كەلێی دروست دەبێت .**

- لە دوو گۆشە نیگاوە سەیری یاسای كاریگەری دەكرێت:

- كاریگەری باش ← پەیوەندییەكە بەهێز دەبێت← ئەگەری دووباربوونەوەی كردارەكە بەهێزە

- كاریگەری خراپ ← پەیوەندییەكە لاواز دەبێت← ئەگەری دووبارەبوونەوەی كردارەكە لاوازە

چەمك و پرەنسیپەكانی تیۆرەكەی ثورندایك

- **سێیەم/یاسای ئامادەباشی:**
- **چەمكی ئامادەباشی لای ثورندایك ئاماژەیە بەودۆخە میزاجیەی كە تاكەكەس لەكاتی ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخێكی وروژێنەردا تیایدا دەبێ, ثورندایك پەیوەندی دەماری وەك ئاماژە كردن بەو دۆخە بەكارهێنا.**
- **هەروەها پێ ی وابوو كە یاسای ئامادە باشی سێ بارودۆخی هەیە كە ئەمانەن:**
- **1. ئەگ ەر یەكەی دەماری تاكەكەس ئامادەبێ بۆ ئەوەی ڕەفتارێك ئە نجام بدات و دەرفەتیش ڕەخسا بۆ ئە نجامدانی, ئەوا دەبێتە هۆی هەستكردن بە خۆشی و ئاسوودەیی.**
- **2. ئەگەر یەكەی دەماری تاكەكەس ئامادەبێ بۆ ئەوەی ڕەفتارێك ئە نجام بدات, بەلاّم بەربەستێ هاتە ڕێ و نەیتوانی ئە نجامی بدات, ئەوا دەبێتە هۆی بێزاری و نائاسوودەیی.**
- **3. ئەگەر یەكەی دەماری تاكەكەس ئامادەنەبێ بۆ ئەوەی ڕەفتارێك ئە نجام بدات, بەلاّم ناچار بكرێ ئە نجامی بدات, ئەوا دەبێتە هۆی هەستكردن بە بێزاری و نائارامی.**

لێکدانەوەکەی تیۆرەکەی ثورندایك

- بەبۆچوونی سۆرەندایك هەموو وروژێنەرێکی دەرەکی وەڵامدانەوەیەکی تایبەت (مفضل) بەخۆی هەیە ، واتا گونجاوەو لەهەموو وەڵامەکانی تر لە پێشترە بۆ ئەو وروژێنەرە و ئەگەری زۆر هەیە کە رووبدات وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەو وروژێنەرە.
- ، رۆلی فێربوون لە لای سۆرەندایك بریتیە لە گۆڕانکاری و چاکسازی لە ڕێرەرە و (ڕێچکەی دەماری) کە بەرپرسە لە وەرگرتنی وروژێنەرو دەرکەوتنی وەڵامدانەوە کە بریتیە لە بەهێزکردنی ئەو پەیوەستانەی کە هەیە لە نێوان سەنتەرەکانی دەماری وروژێنەرەکان .
- بەبڕوای سۆرەندایك فێربوون پەیوەستە بە دووبارەکردنەوەی هەوڵەکان و کەم بوونەوەی کاتی ڕەفتارو هەڵس و کەوتە هەڵە هەڕەمەکیەکان.

ئەو گریمانانەی کە ثورندایك تیۆرەکەی لەسەر بونیادنا

1- بوونەوەر (مرۆڤ بێت یان ئاژەڵ) لە ڕێگەی هەوڵدان و هەڵەکردنەوە فێردەبێت و دەتوانێت چارەسەری گرفتەکان بکات .

2- فێربوون لە ڕێگەی هەوڵدان و هەڵەکردنەوە بە شێوەیەکی پلە بە پلەیی و روودەدات. فێربوونیش لە ڕێگەی کەم بوونەوەی کات و ماوەی هەوڵەکان یان ژمارەی هەڵەکان دەپێورێت.

3- پاداشت دەبێتە هۆی بە هێزکردنی پەیوەستی دەماری لە نێوان وروژێنەرو وەڵامدانەوەی پشتگیریکراو.

4- هەروەها دووبارەبوونەوە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پەیوەستی دەماری لە نێوان وروژێنەرو وەڵامدانەوە ، بەڵام پشت گوێ خستن دەبێتە هۆی لاوازکردنی ئەو پەیوەستە.

5- بەهێزی وەڵامدانەوە پەیوەستە بە دەرئەنجامی جۆری وروژێنەرو ئاستی ئامادەباشی بوونەوەرو کارلێکردنی نێوانیانە.

سوودە پەروەردەییەکانی تیۆری ثورندایك

1- لە توانادا هەیە قوتابی لەرێگای هەوڵدان و هەڵەکردن پرەنسیبی چالاکی خوود فێرببێت, کە خۆی بەردەوام لە حالەتی کارکردندایە و کەمتر پشت بە کەسانی تر دەبەستێت.

2- پێدانی ئازادی بە قوتابی بۆ ئەوەی چالاك و کاریگەر بێت نەك دانانی لەسەر کورسیەك, چونکە کاتێك سەربەستی بە بوونەوەر دەدرێت ئەوا زیاتر جووڵەو کار دەکاو فێردەبێت.

3- لەو بڕوایەدا بوو کە دەبێت پرۆگرام و چالاکی یەکانی خوێندن لە ئاسانەوە بۆ زەحمەت دابرێژرێت, چونکە بە قازا نجی قوتابی تەواو دەبێت.

4- سورندایك لەو بڕوایەدا بوو کە پاڵنەر گرنگی خۆی لە خوێندندا هەیە, لەبەر ئەوە داوای کرد کە دەبێت گرنگی بە پاڵنەری قوتابی بدرێت و لەکاتی پرۆسەی فێربووندا لەبەرچاو بگیرێت.

5- پاداشتکردن و هاندانی وەلامدانەوە و کارو چالاکییە راستیەکان زۆر پێویستەو دەبن بە بنەماو سەرچاوە بۆ دووبارە بوونەوەیان و چەسپاندنیان.

6- دەبێت بابەت و پرۆگرامەکانی خوێندن دابڕێژرێت کە مانای هەبێت و قوتابی لێیان تێبگات.